# ئەو بۆ مرۆڤ دەژیا

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.com



کێ دەیزانی ئەو منالە دە سالانە بێ دایك و باوکە،ئەبێت بە ئەفسانەی سینەما؟ کێ دەتوانێ پێشنیاری داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ منالێك بکات کە حوکمی حەقیقەت نەك هەر خۆی ،بەلکو بەرپرسیارییەتی برایەکی لە خۆی بچووکتریشی بخاتە سەر؟ بەحەقیقەت کێ وەك شارلی شاپلن لە بچووکترین دەرگاوە خزایە ناو جیهانی هونەرەوە و دواتر بوو بە پیاوێك کە سەرمایەیەکی گەورەی لە ڕێزو خۆشەویستی خستە بانکی یادگارییەکانییەوە؟ ئێستا لە پاش 28 سال لە مردنی دۆستەکانی پێش دوژمنەکانی ناچارن سەری ڕێزی بۆ دانەوێنن و هەموو بەرهەمەکانی بە شاکار لە قەلەم بدەن.ئاخر شارلی شاپلن تەنها هونەرمەندێکی لێهاتو نەبوو ،تەنها بەهرەیەکی گڕگرتو نەبوو،ئاخر ئەو تەنها هونەرمەند نەبوو،ئەو پێش ئەوەی ناچار بێت ناسنامە هونەرییەکەی بە ئێمە نیشان بدات،ئێمە ناچارین ناسنامەیەکی ئینسانی پێ بدەین..ئەو ئینسان بوو،زیندەگی کردن وەك ئینسان،وورد بوونەوە لە خواستە شاراوەکانی ئینسان،گرفتەکانی،خەونەکانی،حەزو خولیاکانی ئینسان ئەو بابەتانە بوون کە شاپلن بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە لە هونەرەکەیدا پێچەوانەی دەکردنەوە.لە سەردەمێکدا کە سینەما تازە پێی دەگرت و کۆمپانیا سینەماییەکانیش لە هەولی خۆ گەورە کردن و ئیحتیکار کردنی بازاڕ و کۆکردنەوەی سەرمایە بوون لە ڕێگای ئەو دەزگا سیحرییەی کە لە توانایدا هەبوو گەورەترین گۆڕانکاری لە کۆمەلگاکانی دونیادا بەدی بهێنێت،ئا لەو کاتەدا شاپلن نوێنەرایەتی ئینسانە بەش خوراوەکانی دونیای دەکرد.ئەو لە بری ئەوان لە فلیمەکانیدا پڕ بە گەرو هاواری دەکرد و ڕاستییە شاراوەکانی بە دونیا نیشان دەدا.سەیر لەوەدایە ئەو هاوارە بەرز و پڕ بە گەرووانە لە فلیمی بێدەگدا دەهاتنە بەر گوێ.چارەنووسی شاپلن ئاوها بوو کە بە بێدەنگی بدوێت،بەلام خۆشبەختانە وەکو خۆی دەلێت سەدان ووشە ناتوانن جێگای جوولەی بڕۆیەك بگرنەوە.هەر لەبەر ئەوەش بوو لە پاش داهێنانی سینەمای دەنگداریش ئەو هەر بەردەوام بوو لە بەرهەمهێنانی فلیمی بێدەنگدا.شارلی پێی وابوو دەنگ داهێنان دەکوژێت،یان دەیخاتە پەراوێزەوە.

شارلی لە ساڵی 1910 دەچێتە ئەمریکا ،لەوێدا لەناو جەرگەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی فلیمی سینەمایی بەردەوامی بە فلیمە ڕەخنە ئامێزەکانی دەدات،بەڵام لە پاش ئیش کردن لەگەڵ چەند کۆمپانیایەك ،لە ساڵی 1917 بڕیار دەدات ئیتر بە سەربەخۆیی فلیمەکانی بەرهەم بێنێت.ئەمە دەکات بۆ ئەوەی دەستی ئاوەڵا بێت و ئازادییەکی زیاتری هەبێت لە هەڵبژاردنی جۆر و ناوەڕۆکی فلیمەکانی .لێرەوە چەند توحفەیەکی سینەمایی پێش کەش بە مرۆڤایەتی دەکات وەکو (سێرك) ، ( ڕوناکیەکانی شار) (سەردەمە نوێکان ) و ( دیکتاتۆر ) .ئەگەرچی چوار ساڵ پێش ئەوەی شەڕی دووەمی جیهان دەست پێ بکات دیکتاتۆری بەرهەم هێنا ، بەڵام شارلی هیتلەر دەکات بە نیشانەی تیری ئەو فلیمەو ڕووە ڕاستەقینەکەی ئەو پیاوە شەڕانگێزە نیشان دەدات.ڕەنگە ئەوسا کەس هیتلەر و ئەلمانیای نازی بەو خەتەرە نەزانیبێت کە لە سبەینێدا هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی هەموو دونیا دەدات و لەو پێناوەشدا دونیا لە خوێن و تاوان و وێرانکاری نوقم دەکات.ئەوە تەنها هونەرمەندێکی لێهاتو و عەقڵێکی داهێنەر و پێشبینیکەری وەك عەقڵی شارلییە کە زەنگی ئەو خەتەرە لێدەدات و دونیای لێ ئاگادار دەکاتەوە.

لە پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لەسەر فلیمەکانی شاپلن بێ دوو دڵی دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەو یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی کە هونەری کردووە بە ئەبزارێك بۆ خالی کردنەوەی مێشکە جەنجاڵەکەی بە گرفتەکانی سەردەم و ناڕێکییەکانی دونیا.سینەما بۆ شاپلن هاوکێشەیەکە فیکری ئەو و حەقیقەتی دونیا یەکسان بە یەك دەکات.فلیمەکانی شاپلن پێمان دەڵێن ڕاستە ئەو عەبقەری ترین ،یان هیچ نەبێت یەکێك بوو لە هونەرمەندە عەبقەرییەکانی دونیا ،بەڵام ئەو کۆمیدیایەی کە شاپلن بەرهەمی دەهێنا بەرگی کتێبێکی ئینسانی بوو، کتێبێك دوور لە قسەی ووشك و ئایدۆلۆجیای ڕووت و فیکری بەستو ،دەتوانێت گوزارش لە واقیعی ڕۆژ بکات ،واقیعی سەردەم، بگرە واقیعی دونیا،ئەو دونیایەی کە بە بۆچوونی ئەو ناکرێت ئاوها بمێنێتەوە ،ناکرێت هەموو پشت لە واقیع بکەین و ئەم دونیایە بۆ هەلپەرستەکان جێبهێڵین .شاپلن لەو کتێبەدا ئاوها دونیا دەبینێت.لە 25-12 -1977 شارلی شاپلن لەکۆڵی ناشیرینییەکانی دونیا بووەوە ، بەڵام 80 فلیمی بۆ ئێمە جێ هێشت، هەشتا فەسلی ئەو کتێبەی مرۆڤێك پێناسە دەکەن ،ئاخر شارلی شاپلن پێش ئەوەی هونەرمەند بێت مرۆڤ بوو، چونکە ئەو بۆ مرۆڤ دەژیا.

2006-1-1